


# تێکڕای خەمەکان بەمن دەسپێرێ و بۆ خۆی دەڕوات

خەمژین جەعفەر

بەشی دووەم و کۆتایی

نزیکەی کاتژمێر ٢٣ دەبوو کەدەنگی دەرگەهات و کرایەوە، منداڵەکان خەوتبوون ، من چاوەڕێی مێردەکەم دەکرد ، بەخۆشیەوەبەرەو پیری ڕۆیشتم ، سەیرم کرد کیبڵێکی گەورەی بەدەستەوەیە ، من هەر بیریشم لێ نەکردەوە، بەرووێکی خۆشەوەبەخێرهاتنەوەم لێکرد ، ئەو زۆر بەساردی وەڵامی دامەوە. ئاگر لەنێوچاوانی دەباری . ئاچرەی لێدەچۆڕایەوە، دەستم خستەنێو دەستی ، گەرم داهاتبوو ، پێموابوو نەخۆشەو تای لێهاتووە، ئەو بەتووڕەییەوەدەستی تێهەڵدام ، بەرقەوەسەیری کردم ، دواتر گوتی : پێموابوو ژنێکی ڕەوشت بەرزو داوێن پاکی ، بەڵام حەیف !!

من هۆپێکم لەخۆم زانی ، هەرگیز بەو شێوەیەنەدوابوو ، ئێمە بەپەیژەی خۆشەویستی بەلووتکەی هاوسەریتی گەیشتبووین ، خێزانێکی ئاسوودەو بەختەوەرمان پێکهێنابوو . لەناخەوەراچڵەکیم ، پیت و پەیڤەکانم بۆ کۆنەکرانەوە، کەچی ئەو چاوەڕوانی وەڵامی منی نەکرد ، درێژەی بەقسەکانی خۆی دایەوە: خانم ئەو کەتنەشت کردووە؟! حەیف ئەو هەموو ساڵەبەیەکەوەژیاوین و بەباشی تۆم نەناسیووە؟!

من لەوەزیاتر بەرگەم نەگرت ، بەرسینگم لێگرت : پیاوەکەچی بووە؟ بۆ پێم ناڵێی ؟! ئەو قسانەلەتۆ دوورن !!

ئەو نەیویست گوێم لێبگرێ ، کێبڵەکەی لێ بەرزکردمەوە، سەرەتا وام زانی گاڵتەم لەگەڵ دەکات ، بەپێکەنینەوەپشتی خۆم بۆ نەوی کردو گوتم : ( فەرموو ! ئەمەپشتی من و داری تۆ !) بەڵام ئەو وەها بەتووندی کێشای بەپشتمدا کەئاگری لێهەڵسا ، نەمویست هاوار بکەم ، منداڵەکان خەوتبوون ، دراوسێکانیش بیانی بوون ، بەڵام ئەو لەسەر لێدانم بەردەوام بوو . لێی پاڕامەوە تا چی ڕوویداوەبۆم بگێڕێتەوە، مەسەلەکان بەگفتوگۆ چارەسەر بکەین ، لێدان و هاوارکردن سوودێک ناگەیەنن ، کەچی ئەو وەک ئاغای سەردەکانی پێشوو توندتر لێی دەدام، ناچار هاوارم کرد ، منداڵەکان لەگەڵ دەنگی من بەئاگا هاتن ، ئەوان نەیاندەزانی باوکیانەلێم دەدات ، وایان دەزانی دزێکەو هاتۆتەماڵمان . منداڵەکان لەژوورەکەی خۆیان بوون ، بەگریانەوەبەرەو لای من هاتن ، بەڵام باوکیان ئەوانی لەژووری کردەوەو دەرگەی لێداخستن . من دیلی جەنگ بووم ، نامەردانەلێی دەدام و گوێی لێنەدەگرتم . ئەوەندەی لێدام تا لەهۆش خۆم چووم ، بەیانی درەنگ کەوەئاگا هاتم ، سەیرم کرد لەنێو گەرماو فڕێ دراوم ، ساردو سڕ بوو ، چاوەکانم کردەوە، وامزانی خەون دەبینم ، ویستم بجولێمەوە،بەڵام برینەکانم وەئازار کەوتن ، هاوارم بۆ شووەکەم برد، ئەو هاتەسەرینگانم ، بەتووڕەییەوەپێی گوتم : هات و هاوارت لەچیە؟! ئەگەر بێدەنگ نەبیت ، سەرت دەبڕم . ئیدی منداڵەکان دەستیان بەگریان کرد ، لەباوکیان دەپاڕانەوە . من لەنێو ئێش و ژانی برینەکانی خۆمدا بیرم دەکردەوە، هیچم لەخۆم شک نەدەبرد ، ناپاکیم لەگەڵدا نەکردبوو ، دزیم لێنەکردبوو . جنێوم بە خۆی و خزمەکانی نەدابوو ، بۆیەنەمدەزانی بۆچی وای بەسەر هێناوم !! وێڕای هەموو ئەوانەشەوەدیسان لێی پاڕامەوە، تکام لێکرد کەراستیم بۆ بگێڕێتەوە، تێم بگەیەنێ . تا ئەو کاتەش پێموابوو لەحاڵەتی مەستی دابووە، ئاگای لەخۆی نەبووە، بەڵام ڕاستیەکەی ئەو مەست و سەرخۆش نەبوو .

منداڵەکان زۆر گریان ، ئەو بێجگەلەخۆتووڕەکردن شتێکی دیکەی نەدەکرد ، منداڵەکان دڵیان پێم سووتا ، منیان ڕاکێشا دەرەوە. سەیرم کرد شووەکەم جلەکانی خۆی کۆدەکاتەوە ، کاتێ جانتاکەی خۆی داگرت و جلەکانی خۆی تێکردن، پەلاماری دام و دوو پێلاقەی لێدام ، منداڵەکان خۆیان پێوەشۆڕ کردەوە، لەبەر ئەوان وازی لێهێنام ، ئەوسا بەمنداڵەکانی گوت : من دەڕۆم ، ئێوەش کەیفی خۆتانە لەگەڵ من دێن یان لەلای ئەو دەمێننەوە!!

منداڵەکان هیچ قسەیەکیان نەکرد ، توند خۆیان بە منەوەنووساندبوو ، بە کرداروەڵامی باوکیان دایەوەکەدەیانەوێ لەلای مندا بژین . ئیدی شووەکەم چووەدەرێ .

ماوەیەکی کەم بوو لەو وڵاتەگیرسابوومەوە، زمانم نەدەزانی ، باوەڕتان هەبێ شارەزایی ئەوەم نەبوو بچمەبازاڕو بگەڕێمەوە. نەمویست خزم و کەسەکانی لەو کێشەیەئاگادار بکەمەوە. پێموابوو چەند ڕۆژێکی دیکەو دێتەوە. تا خواردنی ناو سارنجۆک هەبوو نەمویست کەسمان تێبگات ، بەڵام کاتێ بێخواردن ماینەوە، بەناچاریەوەتەلەفۆنم بۆ دشەکەم کرد ، ئەو لەجیاتی هەواڵپرسین پێیگوتم : ( بۆت نیەجارێکی دیکەتەلەفۆن بۆ ئێرەبکەیتەوە ؟! بەچ چاوو ڕوێک تەلەفۆنمان بۆ دەکەیت ؟! ) ئیتر تەلەفۆنەکەی داخستەوە .

من لەو ڕەفتارەی دشەکەم سەرم سووڕما ، تێگەیشتم کەمێردەکەم لەماڵی ئەوانە، پێموابوو شووەکەم بەخراپەباسی منی بۆ کردوون ! کێشەکەی بەجۆرێکی دیکەبۆ گێڕاونەتەوە. ئاخر من هیچم نەکردبوو تەنیا لێدانم خواردبوو ، چەند ڕۆژێک لەجێگەدا کەوتبووم . بۆیەجارێکی دیکەتەلەفۆنم بۆ کردەوە، هەر تەلەفۆنەکەی هەڵگرت ، پێمگوت : ژنی باش بەو گوێم لێبگرە! ئاخر چەند ڕۆژێکەبراکەت ماڵی جێهێشتووە، من نازانم بۆچی و لەکوێیە! دوایی هیچ خواردنێک لەماڵماندا نەماوە، منداڵەکان برسیانە، لانی کەمێک خواردنیان بۆ بێنن !!

من هێشتا قسەکانم تەواو نەکردبوو ، ئەو تەلەفۆنەکەی بەڕوودا داخستەمەوە. چەند چرکەیەک لەجێگەی خۆم دانیشتم و بیرم کردەوە، دواتر دەفتەری تەلەفۆنەکەم هەڵدایەوەو ژمارەتەلەفۆنی ناسیاوێکم هەڵبژارد و زەنگم بۆ لێدان . ئەوان مەردانەبەپیرمەوەهاتن ، هێندەی نەبرد ژن و کچەکەیان هاتنەلام ، من بەناچاریەوەڕۆیشتنی مێردەکەم بۆ باس کردن ، بەڵام ئەوان ئاگایان لەهەموو ڕووداوەکەهەبوو . کاتێ زانیم ئەوان ئاگایان لەڕۆیشتنی شووەکەم هەیە، داوام لێکردن کەهۆکاری تووڕەبوونی ئەوم پێبڵێن . ئەوان خۆیان لەکێشەکەهەڵنەقورتاند ، تەنیا هەندێ پارەیان پێدام و لەگەڵم هاتنەبازاڕو هەندێ پێداویستیان بۆ کڕیم . دواتر ژنەکەپێیگوتم : ئەگەر دەتەوێ با کچەکەم لەگەڵت بێت بۆ بەڕێوەبەرێتی پەنابەران ، دەبێ ئەوان ئاگادار بکەیتەوە، ئاخر لەم وڵاتەبەبێ پارەناژیت ! ئەوان دەتوانن پارەی خۆت و منداڵەکان بەتۆ بدەن .

من نەمدەزانی شووەکەم جارێکی دیکەناگەڕێتەوە! نەمدەزانی چ گۆبەندێکیان بۆ هەڵبەستبووم ، بۆیەبەپێکەنینەوەپێمگوت : زۆر سوپاستان دەکەم ، خۆ پیاوەکەم نیازی نیەنەگەڕێتەوە، ئەمڕۆ نا بەیانی ، ئاخر ئەو لەمنی داوە، من هیچ وەڵامم نەداوەتەوە.

ژنەکەئاهێکی هەڵکێشا ، بەشێوەیەک تێیگەیاندم کەدوایی دوو بەدوو ئەو باسە دەکەینەوە. کاتێ هاتینەوەماڵ ، هەردوومان



چووینەژووری منداڵەکان ، ئەو بەهێواشی ئەوەی بیستبووی بۆی گێڕامەوە. من لەجێگەی خۆم وشکم بووم ، زۆر بێزیان پێکردبووم ، بوختانیان بۆ هەڵبەستابووم . سوێندم بۆ ژنەکەخوارد کەهەر ئاگام لەو مەسەلەیەنیە. ئەمەجاری یەکەمەلەدەمی تۆوەدەیبیسم ، ئاخر بۆ شووەکەم ئەو مەسەلەیەی بۆ باس نەکردم ! دڵنیام شووەکەم دەزانی ئەوەلەمن ناوەشێتەوە، من و ئەو کارانەزۆر لەیەکتری دوورین ، دوایی کەسیش نا ماڵی دشەکەم ؟!! کەئەو هەموو چاکەیان لەگەڵ ئێمەدا کردووە، مانگێک ئێمەیان لەلای خۆیان حەواندۆتەوەو بەخێویان کردووین.

ژنەکەلەگومان هەڵکێشرابوو ، ئەوان شتێکیان بۆ باسکردبوو ، منیش شتێکی پێچەوانەم بۆ گوتبوو . ئیدی نەیدەزانی باوەڕ بەکامەمان بکات . بۆیەپێشنیاری بۆ کردم کە لەگەڵ پیاوەکەی ئەودا ڕاستویژانەبدوێم و ڕاستی کێشەکەی بۆ بگێڕمەوە.

ڕۆژی دوایی هەردووکیان هاتنەماڵی ئێمە. من ڕووداوەکەم بۆ گێڕانەوە، دڵنیاشم کردنەوەکەئەوەبوختانەبۆ منیان هەڵبەستووە، ئاخر من تازەهاتوومەتەئەم وڵاتە، بازاڕ و شار پێنازانم ، جگەلەم ماڵەشوێنێکی دیکەشم نیە، فەرموون خۆتان هەمووی بپشکنن ، ئەگەر دۆزیتانەوەگەردنتان ئازادبێ و خوێنی منتان لێ حەڵاڵ بێ و بمکوژن .

ئەوان دڵسۆزی زۆریان نواند ، هاوخەمم بوون . هەر ئەو ڕۆژەلەگەڵ ئەوان چوومەماڵی دشەکەم ، سوێندی قورئانم بۆ خواردن کەئاگام لەو مەسەلەیەنیە. شووی دشەکەم پیاوێکی سەختر گیربوو ، باوەڕی بەسوێندەکەم نەدەکرد . من زۆر زگم بەخۆم سووتا ، پێموابوو چونکەکەسی خۆم لەم وڵاتەدا نیەبۆیەئاوا سووکایەتیم پێدەکەن و ناوم دەزڕێنن .

ژن و پیاوەناسیاوەکەمان لەوەتێگەیشتبوون کەمن پاکم و ئەو کارەم نەکردووە، بەڵام شووی دشەکەم لەکەلی شیتان نەدەهاتەخوارێ و سوێندی دەخوارد و دەیگوت : ڕۆژێک پێش ئەوەی ئەوان (من و مێردەکەم و منداڵەکانم ) بچینەماڵیان ئەو دوو هەزار دۆلار قەرزی لەفلانەکەس وەرگرتبۆوەو لەماڵ دایانابوو ، بەڵام کەئەوان ڕۆیشتن، سەیرم کرد نەماوە! ئاخر جگەلەوان کەسێکی دیکەنەهاتبووەماڵی ئێمە!

من لەداخانا جگەلەگریان هیچی دیکەم بۆ نەدەکرا ، ئاخر منێک لەنێو خێزانێکی ناسراو گەورەکرابم ، چۆن دەست بۆ ماڵی دشەکەم درێژ دەکەم و دزییان لێدەکەم !! من هەرگیز ڕێگەم بەوان نەدەدا لەوەزیاتر تۆمەتبارم بکەن. من دەیان جار سوێندم بۆ خواردن ، تێمگەیاندن کەمن تازەهاتوومەتەئەم شار و ئەم وڵاتەنەکەس دەناسم و نەکەسیش هاتۆتەلام تا بۆ کەسوکارم ڕەوانەم کردبێتەوە. دیسانەوەداوام لێکردن کەبچنەماڵ و هەموو شوێنێک بپشکنن ، ئەگەر دۆزیانەوەئەو کاتەبا گۆشاوگۆش سەرم ببڕن ، من بەگیانم دەهاتمەبەر ، بەڵام ئامادەنەبووم دزیکردنم بدرێتەپاڵ .

بەدرێژایی ئەو هەموو گفتوگۆو مشتومڕەشووەکەم کڕوبێدەنگ دانیشتبوو . دوایی بەناچارییەوە ڕووم تێکرد و پێمگوت : ئاخر پیاوەکە مەگەر ویژدانت نیە؟! چەند ساڵەوەبەیەکەوەدەژین ، ئایا شتی وات لەمن دیووە؟!

شووی دشەکەم کەئامۆزای شووەکەی منیش بوو ، نەیهێشت شووەکەم وەڵامم بداتەوە، ئەو بەلە خۆباییەوەپێیگوتم : ئەو وازی لەتۆ هێناوە، تۆ بۆ وازی لێناهێنیت ؟! ئاخرمن لەسەرەتادا دەمزانی کچی هەژاری ناکەس بەچە شیاوی کوڕی خانەدانێک نیە! بەڵام ئەو کوێرایی داهاتبوو ، بەر پێی خۆی نەدەدیت و پێوەبوو ، ئێستاش وا هەڵی دەگرێتەوە!! خانم تۆ لەوەزیاتر چیت دەوێت ؟! بەسای ئەو گەیشتوویتەئەوروپا ، ئیدی بەسەنەچی ئێمەو نەچی ئێوە!!

من هەستم کرد سوکایەتیم پێدەکرێ ، بۆیەلەجێگەی خۆم هەستامەوەو پێمگوت : ڕاستەمن کچەهەژارم ، بەڵام ناکەس بەچەنیم ، من لەخێزانێکی ناسراوی شار گەورەکراوم ، براکانم هەموویان دەرچووی زانکۆن ، منیش شەشەمی ئامادەییم تەواو کردووە. ئێستا تێگەیشتم ئێوەناتانەوێ کوڕی ئاغا و ئەربابێک لەگەڵ کچەهەژارێکدا بژی !! ئێستا تێگەیشتم کەئێوەژیانی خێزانێکی چوار کەسی تێکدەدەن !! ئێستا تێگەیشتم کەئێوەباکتان بەو دوو منداڵەنیەکەئاخۆ بێ باوک دەبن یان نا ؟! من ئەگەر کچی ناکەس بەچەبوام ئەوەندەڕۆژەخۆم مات نەدەکرد ، دەچوومەپۆلیس و شکایەتم لێدەکرد ، ئەوسا دەتانزانی ئەوەی لەمنی داوەسوکایەتی پێکردم لەکوێ خۆی دەدیتەوە!! من حەوتویەک لەماڵ کەوتم ، تا خواردنمان مابوو کەسم لێ ئاگادار نەکردەوە، یەکەمین جار تەلەفۆنم بۆ ئێوەکرد ، بەڵام ژنەکەت تەلەفۆنەکەی بەڕوودا داخستمەوە، ناچار پەنام بۆ ئەو ناسیاوەبرد ، ئەوان هاتن و پارەیان بەقەرز پێدام ، لەگەڵم هاتنەبازاڕو خواردنیان بۆ کڕیم . ئێستا دوو شتم لەئێوەدەوێ ، یەکەمیان دەبێ بچینەلای ئەو کابرایەی کەجەنابتان دەڵێی قەرزەکەتان لێوەرگرتۆتەوەو من لێتانم دزیوە! دووەم دەبێ بچینەماڵەکەی من و هەموو شوێنێک بگەڕێن ، ئەگەر پارەتان دۆزیەوەئەو کاتەهەقی خۆتانە، ئاخر پیاوی مەرد ئەگەر من پارەم هەبووایەبۆ تەلەفۆنم بۆ ئەو ناسیاوەدەکرد و داوای پارەم لێدەکرد ؟! ئەگەر من پارەم هەبووایەبۆ ئەو هەموو ڕۆژەبەبرسیێتی و کەساسی دادەنیشتم و هەوڵی چارەکردنی خۆم نەدەدا ؟!

دوایی لەسەر پێداگرتنی من تەلەفۆنیان لەگەڵ ئەو کابرایەکرد و هاتەئەوێ . ناسیاوەکەمان لێی پرسی : ئەرێ فلان ! چەند ڕۆژ لەمەوبەر ئەو کابرایە( دەستی بۆ شووی دشەکەم درێژکرد) قەرزی لەتۆ وەرگرتۆتەوەیان نا ؟

کابرا لەجێگەی خۆی حەپەسا ، دوایی گوتی : من ڕوو لەکام لا بکەم ئاخر دوو ساڵ لەمەوبەر من قەرزی ئەو کابرایەم داوەتەوە! چما ئەمڕۆکەیەمن قەرزەکەم داوەتەوە!

ئیدی هەموویان زانیان کەدەیانەوێ من لەبەچاوی شووەکەم سووک بکەن . تێگەیشتن کەئەوان دەیانەوێ کوڕەئەرباب هاوسەری کچەهەژارێک نەبێت ! تێگەیشتن کەئەوان داویان داناوەتەوەو دەیانەوێ خێزانەکەمان هەڵوەشێننەوە.

شووەکەم لەدادگەداوای جیابوونەوەی کردبوو . من ڕازی نەدەبووم ، لەڕاستیدا من خۆشم دەویست و دوو منداڵم لێی هەبوو ، نەمدەویست منداڵەکانم بێ باوک بمێننەوە، بەڵام شووەکەم لەژێر فەرمانی خوشکەکەی و ئامۆزاکەی دابوو . سەرەنجام دوای ساڵێک ئەو لێم جیابۆوە ، تەواوی خەمەکانی بەمن سپارد و بۆخوی ڕۆیشت .

منداڵەکان حەزیان بەبینینی باوکیان دەکرد ، هەرچەندەئێمەجیاببووینەوەبەڵام منیش دەمویست چاوم بەچاوی بکەوێتەوە، هەرنا وەکو دوو ناسیاو باس لەکێشەو گرفتی منداڵەکان بکەین ، بەڵام ئەو چۆن ڕۆیشت ئاوا نەگەڕایەوە. لەسەر ڕاسپاردەی خوشکەکەی چوو بۆ شارێکی دوور تا ئێمەنەیدۆزینەوە. خوشکەی و

---

# بیستنی دەنگی دەروون بەئاسایی وەربگرن!

وەرگێڕانی لەفارسییەوە: م . ئەلند

دەروونناسان لەو باوەڕەدان کەبیستنی دەنگی دەروون پەیوەندی بەخەیاڵ بڵاویەوەنیە، ئەگەر گوێت لێبوو دەنگێک لەناخەوەدەتدوێنێ نیگەران و هەراسان مەبە، چونکەکارێکی ئاسایی و سروشتیە، جێگەی ترس و نیگەرانی نیە.

پەیجۆیانی زانستگەی مانچستەر دەڵێن: بەپێچەوانەی بۆچوونی دێرینەکەبیستنی دەنگی دەروونیان بەخەیاڵ دادەناو کەسەکەیان بەنەخۆش دەزانی ، بەڵام ڕاستیەکەی زۆرن ئەوانەی گوێیان لەدەنگی دەروونی خۆیانەوەدەبێ ، وا هەست کەسێک لەتاماریەوەبانگیان دەکات ، کەچی ئەمەدیاردەیەکی سروشتی و ئاساییە، ئاگابوونی مێشکی کەسەکەیەلەو کێشەو گێژاوانەی کەدەگوزەرێن ، هەروەها ئارامی بەدەروون و فێنکایی بەدڵان دەبەخشن و ڕەوشێکی ئەرێنی دروست دەکەن .

خاتوو ئالیش کەمپیل لێکۆڵەرەوەی دەروونناسی لەو بارەیەوەدەڵێ : ئێمەدەزانین کەزۆرێک لەمرۆڤەکان دەنگی تارمایی دەبیستن ، بەڵام بۆ ئەو مەبەستەسەردانی پزیشک ناکەن و خۆشیان بەنەخۆش نازانن ، بەڵام هەندێکی دیکەتەنگەتاو دەبن و پێیانوایەدەنگێک لەغەیبەوەبانگی کردووە!!

هەندێک پێیانوایەلەو کاتانەئەو دەنگانەدەبیستن کەهزری ناجۆر بەمێشکیاندا تێپەڕ دەبێ ، بەهۆی لێکدانەوەدەنگێکی تایبەت دروست دەکات .



پەیجۆیانی زانستگەی مانچستەر دەیانەوێ لەو بارەیەوەلێکۆڵینەوەو بەدواداچوون بکەن کەبۆچی هەندێک کەسێک بەئەرێنی و هەندێکی دیکەبەنەرێنی لەو دەنگەتارماییانەدەڕوانن ، یاخود بەشێوەیەک کۆمەک بەو کەسانەبکرێ کەلەگەڵ بیستنی ئەو دەنگانەدا هەراسان و نیگەران دەبن .

خاتوو کەمپیل دەڵێ: پێموانیەکەبیستنی ئەو دەنگانەخۆی لەخۆیدا گرفتهێن بن ، گرنگ ئەوەیەکەبەچ شێوەیەک ئەو دیاردەیەوەردەگرین ! لەوانەیەئەزموونی ژیان لەو بارەیەوەسوود مەند بێ .

ئەو دەروونناسەلەو باوەڕەدایەکەئەگەر کەسێک لەکاتی بۆرشکان و خەودا بێ لەوانەیەدووچاری گرفت بێتەوە، لەوانەیەلەو کاتانەدا دەنگەکەمایەی بێزاری و ترس بێ. لەوانەیەکەسێک بەنەرێنی لەو دەنگانەبڕوانێ و بەنەخۆشی دەروونی لێکبداتەوە، بەو هۆیەوەدووچاری دەردەسەری دەبێتەوە، باری خۆی قورس دەکات ، بەڵام ئەوانەی کەئەزموونیان هەیەباشتر ئەو دیاردەیەهەرس دەکەن و بەئەرێنی و خۆشبەختی لێکیدەدەنەوەو بەگەرمیەوەپێشوازی لێدەکەن.

لێکۆڵینەوەکان ئاشکرایان کردووەکەزۆرینەی ئەوانەی ئەو دەنگانە دەبیستن منداڵی شیرەخۆرەیان هەیە، یان گرفتاری کێشەیەکی کۆمەڵایەتی تێکچڕژاون .

خاتوو کەمپیل هۆشیاری دەدات کاتێک کەسێک بیستنی ئەو دەنگانەبەنەخۆشی دەروونی لێکبداتەوەو سەبارەت بەو باسەش پرس و ڕاوێژ بەکەسانی دیکەنەکات ، زۆرتر هەراسان و دڵتەنگ دەبێ .

پڕۆفیسۆر ماریۆس ڕۆم بەڕێوەبەری فێرگەی نەدای دەروون ، دەڵێ : بەهۆی بەد تێگەیشتن و ترسێک کەلەنێو کۆمەڵگەهەیەو چەمکی پزیشکی دەروونی لەئارادیە، دەربارەی بیستنی دەنگ و نەدای دەروونی خەڵکی ئاسایی و ڕەشۆکی ئەمەبەنەخۆشی دەروونی دادەنێن و دەخوازن لەدەستی ئەو بەڵایەرزگاریان بێ ، بەڵام ڕاستینی ئەو بەستێنەتا ئێستا بەشێوەیەکی زانستی لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە.

ناوبراو لەو باوەڕەدایە%ی ئەوانەی کەدەنگ و نەدای دەروون دەبیستن پێشتر دووچاری تەنگژەو ئاڵۆزی بوونەتەوە، چاوەڕوانن لەبازنەی دەرەوەی خۆیانەوەکەسانێک هەبن و بیانەوێ بۆ چارەسەرکردنی ئەو تەنگژانەهاریکاریان بکەن ، ئەمەش بەشتێکی ڕاست دەبینن و خۆیان بە داماو و شایانی کۆمەک پێکردن دەزانن ، بەوهۆیەوەدووچاری گرفتی گەورەتریان دەکاتەوە.

لەم پێوەندیەدا پەیجۆ و لێکۆڵەرەوان پێشنیار دەکەن کەمرۆڤەکان بیستنی نەدا و دەنگی تارمایی بەئاسایی و سروشتی وەربگرن و خۆیانی لەگەڵ ڕابهێنن ، چونکەکێشەو گرفتەکانی ژیان زۆرن و پێویستیان بەلێکدانەوەی قوڵ و چڕتر هەیە، ئەمەش دەنگی دەروون بەرهەم دەهێنێ و تا ڕادەیەکیش ئارامی بەخش و سوودمەند دەبن .